# تەکنەلۆژیای Wi-Max وەرچەرخانێکی جۆری تر لە تەکنەلۆژیای گەیاندن






**خۆشەوی عبدالکریم ابوبکر**
بەڕێوەبەری گشتی دیوان - وەزارتی گەیاندن

تەکنەلۆژیای ئینتەرنێتی Wi-Max نوێ بەهۆی شەپۆلی بێ سیم بەم نزیکانە دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەمەش بە وەرچەرخانێکی چلۆنایەتی دەژمێردرێت لە بواری تەکنەلۆژیای گەیاندن. خێرایی و فراوانی پشتێنەی داپۆشینی لە گرنگترین جیاکرەوەکانیەتی لە تەکنەلۆژیای نوێدا. جیهانی تەکنەلۆژیای گەیاندن خۆی ئامادە دەکات بۆ (گواستنەوە، پەڕینەوە) بازدان بەرەو قۆناغێکی نوێی پێشکەوتوو لە تەکنەلۆژیای گەیاندن کە خۆی دەبینێتەوە لە تەکنەلۆژیای ناسراو بە (Wi-Max)، ئەمەش بریتی یە لە زاراوەیەکی نوێ لە تەکنەلۆژیای چوونە ناو تۆڕی ئینتەرنێت بەهۆی مۆبایل لە دووریەکی زۆردا (نێوەندێکی زۆردا)، بە شێوەیەک دەکرێ رووبەرێکی (50 کم) داپۆشێت، کە دەتوانرێت شارێک بە تەواوی داپۆشێت بە رێگای شوێنی بەستنی ئینتەرنێت (Hot Spots) کە لەگەلێ جێگا لە شارە گەورەکان هەیە.

(Wi-Max) کورتکراوەی زاراوەی (Worldwide Interoperability For Microwave Access) ئەمەش بە مانای (هاوسەنگی جیهانی بۆ تێپەڕبوون بە هاوکاری شەپۆلی ورد) بریتییە لە تەکنەلۆژیای بێ سیمی فەراهەم بۆ بەستنی شەپۆلی پان بە خێراییەکی زۆر بۆ ماڵان هەروەها بۆ کۆمپانیاکان و بۆ تۆڕەکانی بێ سیمی هەڵگیراو (گیرفان) (Wi-Max) توانای خێرایی تێپەڕبوون بە بڕی (70) میگابیت لە چرکەیەکدا دەستەبەر دەکات، بەڵام (wi-fi) تەنها (54)

میگابیت لە چرکەیەکدا دوا توانایەتی (Wi-Max) (wi-fi) پشت دەبەستن بە ڕێگای ناردنی داتا لە ئامێرێک بۆ یەکێکی تر بە ڕێگای شەپۆڵەکانی بێ سیم و دەکرێت ئامێری کۆمپیوتەر ئەم شەپۆڵانە وەربگرێت کەوا باوە ئەمانەش (جفرە)شوفرە بێت.وا چاوەڕێ دەکرێت لە وڵاتی ئەڵمانیا نزیکەی (5000000) پێنج ملیۆن بەکارهێنەر سوودی لێوەربگرێت. بە تایبەتی لە ناوچە گوند نیشینەکانی کە خزمەتگوزاری (DSL) ی تێیدا فەراهەم نەکراوە.

هەندێ کۆمپانیای گەیاندن وەک کۆمپانیای (ئارکوری ئەڵمانی) بۆ گەیاندن دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی ئەم تەکنەلۆژیایە لە هەندێ ناوچەی ئەڵمانیا. نموونەیەک لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک ئەڵمانیا وەردەگرین بۆ باسەکەمان و دەستکەوتنی هەندێ وەڵام.

## بەربەستەکانی پێش تەکنەلۆژیای (Wi-Max)

(مارکۆس شافرین) لە یەکێتی ئەڵمانیا بۆ ئابووری ئینتەرنێت، کە هەوڵدەدات بۆ فراوانکردنی بواری بەکارهێنانی بازرگانی ئینتەرنێت لە پێناو پشتگیری و بەهێزکردنی شوێنی ئابووری ئەڵمانیا، بە پێویستی دەزانێت کە بەکارهێنەران هێڵەکە دابەش بکەن بە توانای (10)مێگابیت ئەمەش مانای ئەوەیە بەکارهێنەری دوایین لەسەر هەمان هێل بەشەکەی دەبێتە کەمتر لە (2)مێگابیت. بەڵام پسپۆران بۆ ئەوە دەڕۆن کە پشتێنەی داپۆشین بەلایەنی کەمەوە لەسەرەتادا دەگاتە سنووری (15)کیلۆمەتر لە بارێکی نموونەیی دا، لەگەڵ وادانانی کە هیچ بەربەستێک لە نێوان نێرەرو وەرگر نەبێت وە لەناو شاردا پشتێنەی داپۆشین دەگاتە یا دەبێتە نزیکەی یەک کیلۆمەتر لەبەر هەبوونی بەربەست ڕێگا نادات بە لێشاوی شەپۆڵەکان لە نێوان نێرەرو وەرگر. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە بە هۆی (وی لان)دەست دەکەوێت کە پشتێنەی داپۆشینی تەنها دەگاتە (100) مەتر، ئەوەش مانای وایە پشتێنەی داپۆشینی وای ماکس بە گەورەتر دەمێنێتەوە هەروەها ئەوەی پێویستە بگوترێت ماوەی پێویست بۆ کەرتی گەیاندنی ئەڵمانی کە تەکنەلۆژیای (وای ماکس)بچێتە خزمەتەوە و بکەوێتە دەست بەکارهێنەران (مارکۆس شافرین)دەڵێت پێنج ساڵی پێویستە.

## ئینتەرنێت لە هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی دا:

تەکنەلۆژیای دەریاوانی لە تۆڕی ئینتەرنێت لە ڕێگای کۆمپیوتەری هەڵگیراو بێ گەیاندن بە کێبڵ هەبووە لە ماوەیەکی (کاتێکی)دوور پێش ئێستا کە ئەمەش ناسراوە بە خاڵی گەرم (وی لان هۆت سپۆتس). لە ئەڵمانیا نزیکەی (8000)خاڵی گەرم هەیە و بە شێوەیەکی باش ئیش دەکات هەرچەندە هەندێ ڕێگری تەکنیکی کە خۆی دەبینێتەوە لە لاوازی داپۆشین تۆڕی وزە بەخش بۆی، بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە بەربەست هەیە دەبێتە هۆی شێواندنی (تشویش) لەسەر وەرگر.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا تەکنەلۆژیای (وای ماکس) (Wi-Max) دەکرێت بەکار بهێنرێت لە هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی وەک کامیۆن و پاس و شەمەندەفەر...؟ لەم بارەیەوە پسپۆری ئەڵمانی شافرین دەڵێت (پێویستە لێرەدا جیاوازی بکەین لە نێوان ڕاستی و ئەندێشەدا، لە ئاماژەپێکردنی ڕەش بینانە دەربارەی چەند توانای جێبەجێکردنی ئەم کارە لەسەر زەوی هەیە، دەڵێت بۆ نموونە لە شەمەندەفەری خێرادا تاکو ئێستا ئەم خزمەتگوزاریە باش نی یە، پێویستە باس لەوە بکەین کە (کۆمپانیای شەمەندەفەر و کۆمپانیای گەیاندنی) ئەڵمانی هاوبەشن لە پرۆژەیەک کە بە هاوبەشی تاقی دەکەنەوە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت لە بواری جیادا (بەشێوازی جیا)لەوانەش تەکنەلۆژیای (وای ماکس)لەسەر هێلەکانی شەمەندەفەری خێرا تاقی دەکەنەوە، بەڵام لەم جۆرە شەمەندەفەرانەی خێراییان دەگاتە (280کم) لە کاتژمێرێکدا و بەناو کێڵگە کشتوکاڵیەکان تێپەڕ دەبن، گۆڕانکاریە فیزیاییە هاوتەریبەکان دەبنە ڕێگرو زاڵبوون بەسەریدا زۆر زەحمەت دەبێت.